# نامەیەک بۆ کاک دلاوەر

لێرەوە تا خاکی عەدەن.تا ژێر پەڕی فریشتەیەکی شەرمن لە عەرش سڵاو... بە گمەی کوکوختییەکی سەرکارێز، بە هاواری سەموون فرۆشێکی مەڵکەندی سڵاو... کاک دلاوەر گیان بیرت ئەکەم. پڕ دڵم ئەمەوێت بتبینم. بتبینم و لەگەڵت دانیشم. هەموو گیانم ببێ بە گوێ و تۆ قسە بکەیت.

ئەمەوێت گوێم لیبێت لە باسی..

مرۆڤێک بە شارەکاندا ئەگەڕێت بۆ شیعر. جار هەبووە بۆ قەسیدەیەک چەندین شاری تەی کردووە.بۆ ڕستەیەکی چۆتە سەمەرقەند.بۆ ووشەیەکی گەیشتۆتە سلێمانی.

ئاخ سلێمانی چاک منت کوشت.بێ ئەوەی بە خۆم بزانم منت فرێدایە سەر شۆستەکانی غەریبی.ئاخ سلێمانی ئاخ..

لێرەوە تا لای وێنەکەی شاملۆ لەسەر دیواری ژوورەکەت.تا لای پەیکەرەکەی نالی لە باخی گشتی.سڵاو.بە دەنگی پیرەمێردێکی شقارتە فرۆشی بەردەم مزگەوتی گەورە.بە گەرووی دایکم دوای کۆچە هەمیشەییەکانی من سڵاو.

کاک دلاوەر گیان تۆ لە کوێیت؟ بۆ گوێم لە دەنگت نییە؟ بۆ لێرە و لەوێ ناتبینم.ئەرێ لەو گەڕەکەش من جێگەکەیم بۆ

نەمایەوە؟ دیسانەوە ئەبێ بچم لە مزگەوتەکاندا بنووم؟ نازانم بۆ ئەبێ هەمیشە غەریب بین؟ بڵێ تۆ دەنگت دوورتر ئەڕوات بڵێ: ئەرێ کەسێک ژوورێک شک نابات بۆ کرێ؟تۆ بڵێت لەو دنیاش هەر غەریب بین؟ ئاخۆ خواش وەک بەشەرەکانی ئێرە دڵڕەقە یان ئەوماڵی هەیە بۆ ئەوانەی لە سەفەرەکاندا وون دەبن. ئەی تۆ بلێیت ئاسایی بێت بەلایەوە کوڕ و کچێک دەستی یەک بگرن. ئەرێ تۆ بڵێت لە قیامەتدا پاداشت و سزای غەریبەکان چی بێت؟؟؟؟

کاک دلاوەر گیان قەسەم بە زات و سیفەتی خوا بیرت ئەکەم.چش با ووشە نەیەت لەگەڵم بە هەناسە و بە ترپەی دڵم پێت ئەڵێم:توخوا پێم بڵێ چۆنیت؟ تەندروستیت و هەواڵی شیعرەکانت چیە؟من ئێستا ئەڵێی پەیکەرێکم کە دەقی بە تەنیایەوە گرتبێت. زۆر بێئاگام لە دنیا و لە ئێوە و لە هەموو دەور و بەر.ئەم شارە تەواو لە ناخەوە ووشکی کردووە.منیش پیاسەی سەر ئەم شەقامە ساردانەم پێناکرێت.ئەڕۆم وەک مروویەکەکی بێشەرم هەناسە ئەدەم.بڕوا بکە لێرە دیوار و پەنجەرە متمانەیان بە یەکتر نەماوە.گەر ئەم شارە بکەیت بە کتێب کەس نایخوێنێتەوە هێندە بێ ڕۆحە.کاک دلاوەر گیان هەر چۆنێک بێت پێش مردن ئەمەوێت بتبینم.بتبینم و سڵاوێکیشم لێبکەیت باشترە لەوەی هەر نەتبینم.پێش ئەوەی بە تەواوی لەت و پەت و بم ئەبێ بتبینم.

خۆشم ئەوێن. شیعرەکانتم لە خۆتان خۆشتر ئەوێت. یەک یەک ووشەکانت لە باوەش ئەگرم.بست بە بستی خاکی قەراغیشیم خۆش ئەوێت...

کاک دلاوەر گیان یەک دنیا خۆشەویستی و ڕێزم هەیە بۆتان....

هاوڕێت ڕێبەر...

2011/11/26

هەولێر..